# زمان ژنه و نووسینیش ئەوین*

حەمەسەعید حەسەن



✿تا ئەم دواییەش وای بۆ دەچووم تاقمی گۆڤاری ڕەهەند(هیچی نەگوتراویان نەگوتووە)پێم وابوو تەنیا کوێرانە لاسایی چەند ڕووناکبیرێکی عەرەب و هەندێ بیریاری ئەوروپایی دەکەنەوە. وای بۆ دەچووم ئەوی لە هەر بوارێک دا دەینووسن، مۆنتاژ کردنێکی ناهونەرییانەی بیر و خەیاڵی کەسانی دیکەیە، بە کوردییەکی تا بڵێیی کۆڵەوار ، هەر بە بەرکارم دەزانین، نەک بە بکەر. بە لاسایی کەرەوەم دەزانین، نەک بە داهێنەر. بە کۆنە پارێزیان تێدەگەیشتم، نەک بە پۆست مۆدێرنیست.

کە هەندێ جار نەمدەزانی دەڵێن چی، پێم وا بوو هی ئەوەیە ئەو شتەی بۆ خوێنەری باس دەکەن، خۆیان لێی حاڵی نەبوون، یان لێی حاڵی بوون و زمانەکەیان بە هانایانەوە نایە، یان ئەو شتانەی لە بێگانەیان خواستووە، بەو مەبەستەی خوێنەر نەچێتەوە سەر سەرچاوەکانیان و دەستەکانیان نەخاتە ڕوو، تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن، یان گۆمی بیرکردنەوەیان تەنگە، بەمەبەستی فریو دانی خوێنەر، لێڵی دەکەن.

کە بە باڵای بەرهەمی یەکدیاندا هەڵدەدا، نان بەقەرز دان و شایەتی ساختە و شاعیری خێڵم بیر دەکەوتەوە، بەوەی کە خۆیان بە مۆدێرنیست و خەڵکیان بە کۆنەخواز لە قەڵەم دەدا، پێموابوو لە وەهم دەژین، بە تووتییان تێدەگەیشتم و وای بۆ دەچووم یەک ڕستەی جوان و ڕەوانیان دانەهێناوە.

سوپاس بۆ یاسین بانیخێلانی ئەوە ئەو بوو، بە ئاگای هێنامەوە و تەمی هەموو گومانەکانمی ڕەواندەوە و پێی سەلماندم، ئەوی لە گۆمی قووڵی وەهمدا نوقم بووە، منم نەک ئەو مۆدێرنیستانە!

یاسین بە بەختیار عەلی دەڵێ :(زمانی مەرگی تاقانەی دووەم وێرانە، بۆ نموونە :بازنگ، خرنگەی دێ نەک خرمە، یان:ئەسپ ڕاناکا، غار دەدا، یان :هەنگاوەکانم خاو دەبنەوە، نەک دەبێتەوە....)

بەختیاریش لە ١٨ی٦ی١٩٩٨دا بەنامەیەکی دوور و درێژ وەڵامی یاسین دەداتەوە و پێی دەڵێ:(هەی چەقۆ کێشی سەر جادەکان. هەی گزگلی نەفامی جاهیلی زبڵنووس. هەی ناوبۆشی ڕۆحبوودەڵەی جەهالەت بەرهەمهێن. هەی شارەزای کون و کەلەبەری زبڵخانە. هەی دەم پانکەرەوەی جەبانی بێ شەهامەت.)(١)

بەختیار عەلی لەهەمان نامەدا بە یاسین بانیخێلانی دەڵێ: ٠تۆزی پێڵاوی ئەوانەی پشتگیری ئێمە دەکەن، مەعریفەی زیاتر تیایە لە سەری ئەوانەی کە پەلاماریان داوین و تا ئەمڕۆ ئاودەستی ماڵەکانی ئێمە لە ژووری خەوتنی ئەوانە پاکتر بووە کە جنێویان پێ داوین.)(٢)

بە ڕاست ئەم دەربڕینانە نوێ نین ! کەس پێشتر شتگەلی وای گوتووە! من و دەیان خوێنەر و نووسەری دیکەش تفەنگمان بە شەوەزەنگەوە نەدەنا، کە بە دوای سەرچاوەی نووسینەکانیاندا دەگەڕاین؟

من بەش بە حاڵی خۆم کە ئەو نامەیەی بەختیارم خوێندەوە، ڕەخنەیەکی توندم لە خۆم گرت و کاڵەکم بە کەشکەژنۆم شکاند و هیچ گومانم لەوە نەما، کە تاقمی ڕەهەند داهێنەر و پۆست مۆدێرنیستن و منیش کۆنەخواز ، هەر لێرەشدا جێی خۆیەتی تەحەدای غەفور سالح (٣)بکەم و پێی بڵێم : بڕۆ هەموو پاشماوەی ژیانت تەرخان بکە، بزانە سەرچاوەی یەکێ لەو دەربڕینە نوێیانەی بەختیار دەبینیتەوە !

شوان ئەحمەد پێی وایە : وەک چۆن ئەوانەی ڕەخنە ئاراستەی ئەدونیس دەکەن، پێویستە پاشخانێکی ڕۆشنبیری باشیان هەبێت و بە هەموو تێز و کەرەسە تازەکانی ڕەخنە چەکدار بن، هەر وایش ئەوانەی ڕەخنە لە تاقمی گۆڤاری ڕەهەند دەگرن، پێویستیان بە هەمان پاشخان و کەرەسە هەیە.(٤)

من وای بۆ دەچم ئەمە بەراوردکردنێکی ناڕەوایە، ئاخر گرووپی ڕەهەند ، نەک هەر لەئاستی ئەدونیسدا نین، بەڵکو تەنانەت توانای ئەوەشیان نییە دێڕە شیعرێکی ئەو شاعیرە مەزنە، یان پەرەگرافێ لە نووسینێکی بکەنە کوردییەکی ڕەوان، پێ دەچێ شوان ئەحمەد هەموو خرێکی پێ گوێز بێ، ئەگەرنا ئەو ستایشە ناڕەوایەی گرووپی ڕەهەندی نەدەکرد. پیاهەڵگوتنی ناڕەواش وەک هێرشی ناڕەوا، ڕەنگدانەوەی فیکری خێڵە، من وەک ئەو ناکەم، بە بەڵگەوە قسە دەکەم.

هیوا قادر کە بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕەهەندە، بە مەبەستی بەر پەرچ دانەوەی هاشم کۆچانی، وتارێکی نووسیوە و سوودی لە هەندێ پەرەگرافی کتێبی (النظام والکلام)ی ئەدونیس وەرگرتووە، بەڵام وەک هاشم کۆچانی بۆی ڕاست کردووەتەوە، نەیتوانیوە بۆچونەکانی ئەدۆنیس بە دەستپاکییەوە بکاتە کوردییەک، کە خوێنەر لێی تێ بگا.(٥)

هەندرێن کە سەر بە تاقمی ڕەهەندە، کە شیعری(أغنیە الی حروف الهجاء)ی ئەدونیسی کردووە بە کوردی، وەک شێروان مەحموود محەمەد بۆی ڕاست کردووەتەوە، ئەوەندەی هەڵە کردووە کە بە زەحمەت دێنە ژماردن.(٦)

ئەوی خاوەنی ڕوانگەیەکی نوێ بێ، نوێخوازانە ڕەفتار دەکات و ژیانی بە سڕینەوەی کەسانی دیکەوە بەند نابێ، بە ستایشی ناڕەوا و هەڵسەنگاندنی ساختە نووسەری گەورە دروست نابێ. گرووپخوازیش هەر درێژەدانە بە سیستەمی خێڵایەتی. بەڕاست کام حیزب لە تاقمی ڕەهەند توندڕۆتر و داخراوترە؟

گۆران چونکە بەڕاستی نوێخوازو ڕچەشکێن بوو، پیرەمێردی بە مامۆستای خۆی دەزانی. ئەدۆنیس کە تەنیا هەر ڕووناکبیرێکی گەورە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی ڕۆشنبیرییە، لە نوێترین شیعریدا، لەو دیو دەمامکی موتەننەبییەوە دەپەیڤێ.

تاقمی ڕەهەند کە هەنووکە ئەوەندە زۆر باس لە دژایەتیکردنی دەسەڵات دەکەن، ئاخۆ دەتوانن ڕستەیەک بە نموونە بهێننەوە، بە خامەی یەکێکیان، پێش ڕاپەڕین دژی دەسەڵات نووسرابێ؟ دوو سێ ڕۆژ پێش ڕاپەڕین، ئاسایشی سلێمانی، بڕیاری دابوو، کۆمەڵێ نووسەر و هونەرمەند وەک بارمتە گل بداتەوە، تا لە تەنگانەدا وەک قەلغان بۆ پاراستنی گیانی بەعسیەکان بەکاریان بهێنێ. بە ڕاست بۆ ناوی هیچ کام لەو (نوێخوازانە)لەو لیستەیەدا نەبوو؟بەعس گلەیی چی لە کەسانێک هەبێ، کە لەسەر وەختی بای مەرگ و ئەنفالدا، بانگەشەیان بۆ ئەوە کردبێ، کە ئەوی پێوەندی بێ، لە نێوان ئەدەب و واقیعدا نییە.

ئەدونیس بە زمانێکی هێندە جوان و باڵا دەنووسێ، شیعری شیاوی ئەوەیە وەک دەقی پیرۆز سەرنجی بدرێ، وەلێ ئەو زمانەی تاقمی ڕەهەند پێی دەنووسن، دەرۆزەی پێ دەشێ.

و ما کل مخضوب البنان بثینه

ولا کل مسلوب الفؤاد جمیل.■

*** ئەدونیس**

**(١) و (٢) دەقی نامەکەی بەختیار عەلی بە خەتی خۆی.**

**(٣) غەفور سالح عەبدوڵڵا، هەندێ لە ڕەهەندەکانی ڕەهەندخوازان گەلاوێژی نوێ ژ:١٥سلێمانی١٩٩٩**

**(٤) دوا ستوونی کوردستانی نوێی ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/١٣**

**(٥) هاشم کۆچانی، بەڵێ دیالۆگ نەک وەهمی شەڕ، ڕابوون ژ:٢٤ سوێد ١٩٩٨**

**(٦) شێروان مەحمود محەمەد، شیعر وەرگێڕان یان شیعر وەرگەڕاندن؟ڕابوون، ژ:٢٥ ل:٣٣سوێد١٩٩٨**